# کۆدەکانی.. من



دڵشادی عومەرکـاکـی

کۆدی دڵم**

دڵم..

هیچ کۆدێکم بۆ دانەناوە

بیکەرەوە..

پڕە لە جریوەی کچ و..

لە گمـەی غەمگینی کۆترە ژن

تۆش دەتوانی.. بە جریوەیەک..

پەنجەرەکەم بکەیتەوە

دایمەخە.. باڵەسەرپشت بێ..

ئاخر کۆڵان کوا دەرگای هەیــە..!!

***************

کۆدی ســـــــــپی***

هەرچی دەنوسم دەیکوژێنمەوە

هەرچی دەنوسم ڕەشــی دەکەمەوە

ئەو کاتانەی کە بێ دەنگم

گوێ لە خۆشەویستیت دەگرم

کە هیچت بۆ نانوسم.. بەتۆمەست بووم

دەڵێن بێ دەنگیش هەر قسەیە

لەدەرەوە بەفر دەبارێ

ئەوە بۆ نامخوێنیتەوە..؟؟

بەسپی بۆم نوسیوی

ئێ خۆ سپیش ..ڕەنگیکە لەڕەنگەکان

ئاخر بەفریش بەســـــپی دەنوسێ.

**********************

کۆدی  کاڵ***

بەدڵێکی کاڵەوە..

لەمناڵیمەوە..ڕادەکەم

بە کۆڵانەکاندا ..دێم ودەچم

بەمۆمێکەوە بەسەرقادرمەکاندا سەردەکەوم

بە تەباشیریکی سپی..

تارێکی دەکوژێنمەوە

بەقەڵەمیکی ڕەش ..

ڕوناکی دەنوسمەوە

لەترۆپکی هیواکاندا...

دەست دەکەمەوە بە گریان

کاتێ ..کە ئاوڕ ئەدەمەوە..

دەبــیـــنـــم...تاریـکــیــی..

هەروەکوو خۆیەتی وکاڵ نابێتە وە

*****************

کۆدی خۆشەویستیی ********

ئـەگـەرخـۆشــەویستی

ویســــــــــتی

لەنێو دۆزەخــدا

بەفری خـۆی دەبـارێـنـێ

ئـەگــەر خـۆشــەویســتی

ویــســــتی

بەڕەش دەڵێ

لەســـەر ڕەش

ســـپی بنوســــــێ

ئەگەر خۆشەویستی

ویــســـتی

لەلافاودا

بەرپەرچی بـــــا

ئەداتەوە

ئەگەر خۆشەویســتی

ویـــســــتی

لەناو ئــاودا

ئـاگـــری خـۆی ئـەکـاتـەوە

...........................................................................

ئەم شیعرە لەدواژمارەی گۆڤاری هەناردا بلاو بۆتەوە